## خۆ به شاعیر کردن ئێستا له نێو ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر بڵاوەو ئەمەش کاری کردۆته سەر خوێنەری شیعر و زۆر کەمی کردۆتەوە .

**دەرباز یونس**

نووسینی شیعر بەهرەیەکی خواییە دەکرێ پەرەی پێبدرێت و بەرەو پێش ببردرێت لە هزری شاعیر، بەڵام قەت ناتوانرێت لە نەبوونەوە بێتە ئاراوە لە ناخی هیچ کەسێک، بەداخەوە ئەوەی ئێستا بە ناوی ئەدەبیاتی کوردی لە کتێبێکدا بڵاو دەکرێتەوە و ناوی شیعری لێ دەنرێت، جۆرێکە لە خۆ بە شاعیر کردنی نووسەرکەی، بێگومان من هەموو کتێبەکانی ئەدەبیاتی شیعری کوردی سەردەم ناخەمە ئەو قالبەوە بە پێچەوانەوە ڕێزم بۆ هەموو ئەو هۆنراوە نووسانەو کتێبەکانیشیان کە جێگای شانازین و دەکرێت فەخریان پێوە بکرێت، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەو کتێبانەی لە بازاڕی کتێب فرۆشتندا بەر چاو دەکەوێت کتێبی وان کە هەر شایانی باس کردنیشیان نیە نەوەک بڵاو کردنەوە، لێرەدا نووسەری بەڕێز کە ناوی لە خۆی ناوە شاعیر فێڵێکی لە خوێنەری داماو کردووە بەوەی ڕەسمی کچێکی سەرنجڕاکێشی کردۆتە بەرگی کتێبەکەو بە هۆی کەمی ئاستی ڕۆشنبیری ئەم کتێبانە زووتر لە کتێبێکی پڕ مانا و پڕ شیعری ناسک بڵاو دەبنەوەو دەکەونە دەستی خوێنەر وای لێ دەکات هەست بە بێزاری بکات و جارێکی تر هەوڵی حەز بە خوێندنەوەی شیعر نەکات ئەمەش ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر لاوازی ئەدەبیاتی شیعری کوردی و لە هەمان کاتیشدا بێ ئومێدی دەخاتە ناخی شاعیر خوێنەری شیعریشی زۆر کەم کردۆتەوە، من بە پێویستی دەزانم وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان سانسۆڕێک بخاتە بەر چاپکردنی کتێب و ژمارەی سپاردن بەو کتێبانە نەدات کە شایەنی بڵاو کردنەوە نین و بەرگی نەشیاویان هەیە کە کار دەکەنە سەر ڕەوشتی خوێنەر تایبەت گەنج و هەرزەکاران و لە هەمان کاتیشدا کزی و لاوازی دەخەنە ئەدەبیاتی شیعری کوردی و خوێنەرەکانیان کەم دەکاتەوە، با بتوانین شیعڕ ببەینەوە سەردەمی شیاوی خۆی و تا ئەو سەدان شاعیرە بەتوانا و بەهرەمەندە بزرەکان لە نێو گۆرەپانی شیعر دەرکەون چوونکە بەڕاستی خۆ بەشاعیر کردن ئێستا لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر بڵاوەو و هەموو خوێنەرێکی بێزار کردووە.